# ئایا بەراستی ئێمە سیاسەت ئەکەین یان بەسیاسییکراوین؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

هیچ لایەنێك بەدەر نییە لەو باهۆزی گۆرانکاریانەی کە ئەمرۆ ئەمریکاو بەرەی دژە تیرۆر دەستی داوەتیٚ وەك پرۆسەیەکی بان گلۆبالیزمی سەربازی وداخڵبوون بە فەزایەکی چۆنایەتی نویٚ،پرۆسەی هەڵبژاردنیش بۆخۆی بەشێکە لەو ستراتیجی گۆرانکاریە، بەو پێیە نابێت ئێمە وەك گەلی کورد تەنها فیزیکی و لە سەر ئاستی پراکتیکێکی مەرحەلی پرۆسەی خۆ گۆرینەکە دەست پێبکەین ئەوەندەی ئەبێت ئەم گۆرانکاریە بگوازینەوە بۆ تیۆرو گوتارو مامەڵە ی مەعریفەیەکی سیاسی، لێرەوە مەعریفەی سیاسیش ئەبێت لە بازنەیەکی تیۆری و دەستەواژەییەوە بگوازینەوە بۆ پرۆسیسێکی عەقلانی و بەرژەوەندخوازیانەوبەپێی لۆژیکی رۆژانە مامەڵەی بکەین و بەردەوام گۆرانکاری هەڵبگرێت، لە کاتێکدا تۆ ئەمرۆ دۆستی منیت ئەبێت بزانم بەرهەم و دەستکەوتی ئەو دۆستایەتیە چیەو هەروەك چۆن ئەوانەی دوێنیٚ لە بەغداو بیارە دوژمنمان بوون زانیمان بەرهەم و دەستکەوتی ئەو دوژمنایەتیە چی بوو وە لە داهاتوشدا چی ئەبێت، بۆیە مەعریفەی سیاسی مەعریفەیەکە شتەکان بە ئاشکرایی ڕائەگەیەنێت و موجامەلات نازانیٚ و تەقە لە دەرگای هەر شتێك ئەدات کە مەبەستیەتی، واتە کردەیەکی ئەبستراکتە و خۆی رووت ئەکاتەوە لە هەر عاتیفەو گوتارێکی سۆزدارانە، ئەو گوتارەی بزوتنەوەی کوردایەتی هەمیشە وەك کراسێك پۆشیویەتی بەباڵای شۆرشەکانی رزگاریخوازی کوردا و تا ئێستاش دەستبەرداری نەبوەو بەردەوام گوتاری عاتیفی لە بری مەعریفەی سیاسی بەرهەم ئەهێنێت و رازیش نابێت دەستبەرداری ئەو قاڵبە تەقلیدیە بێت،بۆ نمونە ئێمە ئیتر چ پێویست ئەکات موغازەلەو عاتیفە بگۆرینەوە لە گەڵ عەرەبدا؟ یان بۆ ئەبێت هەموو قورسایی سیاسیمان چرکردۆتەوە لە ژمارەیەکدا بە ناوی سەدوسی گوایە ئەوە کیانی سیاسی ئێمە دەستنیشان ئەکات لە بەغدا ئایا نەئەبوو ئێمە لەم هەرێمەدا تۆختر لەمەی ئێستا کە هەیە خەباتمان چرتر کردایەتەوە و قورساییەکەمان لە هەرێمە کوردیەکەی خۆماندا بوایە تا بە کردارو بەیاساو بە دەنگی خۆمان دارشتنەوەیەکی قانونیمان بکردایە بۆ هەرێمی کوردستان وەك چۆن ئەم ئەزمونە لە تەیموری رۆژهەڵات لە ئەندەنوسیا پێش چەند ساڵێك ئەنجامدراو سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، ئەی زەمانەتی سەدوسی و کۆی دەنگەکان چییە تا ئەو دەستورەی کە زۆرینە دای ئەنێت و ناسیۆنالیزمی عەرەب کاریگەرە بەسەریەوە خەونە دەستوری و دەوڵەتیەکانی کورد دابین بکات، بۆیە کاتیٚ ئێمە سیاسەت ئەکەین ئەبێت عاتیفە وەلاخەین ئەو سیاسەتەی کە ئەوەندەی لە سەر سودو قازانج یان دەستکەوت و باج ئەوەستێت لە سەر هیچ شتێکی دیکە ناوەستێت، پێناسەی خۆی لەو خاڵەوە وەرئەگرێت کە تاچ رادەیەك ئێمەبەرهەم ئەچنینەوەو ئەتوانین زاڵ بین بە سەر عاتیفەماندا، چونکە کاتێك ئەو عەتفەمان کوشت لە نێوخەیاڵدانی گوتاری سیاسی خۆماندا ئەوا ئەگەینە وێسگەیەك کە بەردەممان رۆشن ئەکاتەوە تا بە پێوەرە لۆژیکی و عەقڵیەکان کار بکەین و خێرا بە وەلام بێین بۆ ئەو پرسیارانەی کە تائێستاش وەڵامەکەی نازانین، ئایا بەراستی ئێمە سیاسەت ئەکەین یان بەسیاسییکراوین؟ ئەو گوتارە کامەیە ئێمە کاری پێئەکەین بەرانبەر ئەویتر؟ هەمووجیهان دۆستمانە یان تاکە دۆستێکمان نیە جگە لە ئەمریکا؟ ئەریٚ بەراست ئەمریکا دۆستمانە؟ ئەی مەعریفەی سیاسیمان ئەتوانێت پێمان بڵێت ئەوەی ئێمە وەك پرد دروستمانکردوە لە گەڵ ئەمریکادا خەیاڵ و عاتیفەیە یان بەرجەستەکەری ئەو لۆژیکەیە کە وەك زەرورەتێکی نێودەوڵەتی دروست بوو بۆ روخاندنی دەوڵەتێکی ئیستیبدادو ئیرهابی؟ کە ئێمەی کوردیش بە حوکمی نزیکی و عێراقیبونمان چاوەروانی دەستکەوتێکین لێی و تارادەیەکیش سودمەندبووین، ئەگینا کوا کوردەکانی پارچەکانی تر ئەو دەستکەوتەیان هەبوە کە ئێمە هەمانە، ئایا ئەمریکا ئەو گۆرانکاریانەش لەوپارچانەی کوردستاندا دروست ئەکات بیٚ ئەوەی عامیلی ترس ئامادەیی هەبێت بۆ سەر ئاسایشی ئەمریکا؟ لەکاتێکدا ئێمە ئەگەر قەرار بێت سیاسەت بکەین ئەبێت وەکو کورد مامەڵەو کۆنتاکت بکەین و سیاسەتی کوردانەی خۆمان دارێژین لە سەر ئاستی کوردستانێکی باڵاو نەتەوەیەکی گەورە، دەشێت ئیتر کاتی ئەوە هاتبێت کوردیش عاتیفە سیاسیەکان تێپەرێنێت بۆ قۆناغێك لە مەعریفەی سیاسی لە کاتێکدا ئەوەش ئەزانین کە سەرجەم شۆرش و راپەرینەکانمان ئەوەندەی عاتیفە زاڵ بوە بەسەریدا ئەوەندە مەعریفەیەکی سیاسی لە پشتەوە نەبوە، هەربۆیە کەمترین دەستکەوتمان چنیوەتەوە لە زۆرترین قوربانی و شۆرش و راپەرینێکداو بەردەوام ئەو عاتیفەیە باڵی بزوتنەوەی کوردایەتی لاوازکردوەو نەیهێشتوە وەکو خۆی بیر بکاتەوەو سیاسەت بکات.